

# گەنجو دەستپێکردنەوەی زانکۆ

هەڵکەوت عەبدوڵڵا دەینوسێت
halkautabdulla@yahoo.com

واساڵێکی دیکەی خوێندن دەستپێدەکاتو گەنجانی خوێندکاری زانکۆکان جارێکی دیکە ڕوو لە کۆلیژەکان دەکەن. کارێکی چاکە لەم دەرفەتەدا هێما بۆ شێوازەکانی وانەوتنەوە لە زانکۆکاندا بکەین کە هێشتا گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووەو ئاستەنگن لەبەردەم دروستبوونی گەنجێکی هۆشیارو ڕەخنەگرو داهێنەردا.

هێشتا شێوازەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان پشت بە فەلسەفەی خوێندنی کۆنی بەسەرچوو دەبەستن، ئەو فەلسەفەیەی لەسەر بناغەی تێڕوانینێك دامەزراوە کە پێیوایە مێشکی خوێندکار گەنجینەی کۆکردنەوەو دووبارەکردنەوەی زانیارییەکانەو بەپێی ئەوەش تاقیدەکرێتەوەو پلەی دەرچوو/دەرنەچووی پێ دەبەخشرێت. چەند مامۆستایەکی زانکۆی لێ دەرچێت، زۆربەی مامۆستاکان شێوازی وانەوتنەوەی تەقلیدی بەکاردەبەنو پێیانوایە ئەرکی وانەوتنەوە ئاخنینی مێشکی خوێندکارە بەو بابەتانەی پێویستە لەبەریان بکەنو کاتی پێویست وەبیریان بهێننەوەو بیانخەنە سەر لاپەڕەی تاقیکردنەوەکان. تەنانەت هەندێك لەو مامۆستایانە داوای ئەوە دەکەن وەڵامەکان کتومت (بێ زیادو کەم) بەپێی ئەو زانیاریانە بێت کە بە پێلەبەرکردن وەریانگرتوە. ڕاستە هەندێك مامۆستا شێوازی دیالۆگو گفتوگۆ بەکاردەبەنو ئامرازی نوێ بۆ وانەوتنەوە بەکاردێنن، چونکە لەوبڕوایەدا ئەو شێوازو ئامرازانە یاریدەدەرن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە و توێژینەوە و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکانی خوێندکاران، بەڵام ئەوانە ڕێژەیەکی زۆرکەم پێکدێنن.

شێوازی پێلەبەرکردنو ئاخنینی زانیارییەکان بۆتە هۆی خەمساردیو باوێشکدانو تەمەڵیی خوێندکاران لە پۆلەکانی زانکۆداو دوورکەوتنەوەی لە خوێندنەوەو بەدواداچوونو ڕقبوونەوەیان لە توێژینەوەی زانستی، هەروەها بۆتە مایەی خستنەوەی دیاردەی پشت بەخۆنەبەستنو قۆپیەکردن لە تاقیکردنەوەکاندا و بڵاوبوونەوەی بێبڕوایی بەخۆدو توانا بێسنوورەکانی.

هۆکاری سەرەکی زاڵبوونی شێوازە تەقلیدییەکان، نەبوونی فەلسەفەیەکی خوێندنە لە کوردستان کە خوێندکار نەك وانەکانی خوێندن سێنتەرە و ئامانجی پێگەیاندنی پسپۆڕی مرۆڤو مرۆڤی پسپۆڕو بەرهەمهێنانی نەوەیەکە کە هاوشانی سەردەمو پێداویستییەکانیەتی.

هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی خودی مامۆستایانی زانکۆو دەوڵەمەندنەبوونیان بەو شێوازە نوێیانەی وانەوتنەوە کە پشتئەستوورن بەو بیرۆکەیەی دەڵێت: خوێندکاری زانکۆ پێویستە خۆی بەشداربێت لە بەدەستهێنانی زانینو زانیاری سەبارەت بە بابەتەکانی خوێندن، چونکە ئەوە هاندەرە بۆ ئەوەی خوێندکار بەدوای سەرچاوەی هەمەڕەنگدا بگەڕێتو بخوێنێتەوەو پەنا بۆ تەکنۆلۆژیای سەردەم بەرێتو ڕووبکاتە توێژینەوەی زانستی. ئەم شێوازە نوێیە دەرفەتێك بۆ گفتوگۆی نێوان خوێندکار– مامۆستاو خوێندکار– خوێندکار دەرەخسێنێو زەمینە بۆ چێژدان بە خوێندنو گەشەکردنی ئەقڵیو ڕۆحی خوێندکار دەڕەخسێنێو وای لێدەکات چاوو مێشك کراوە بێت. لێرەشدا مامۆستا ڕۆڵی ئامێری ئاخنینی زانینو زانیاری نابینێ، بەڵکو ڕۆڵی ئاراستەکارو ڕێنیشاندەرو هەڵسەنگێنەر دەبینێت. بەو جۆرەش خوێندکار لە بوونەوەرێکی پشت بەوانی دیکە بەستووەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی پشت بەخۆبەستوو، لە کەسێکەوە کە توێژینەوەی زانستی فەرامۆشدەکات، دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی وێڵ بەدوای توێژینەوەدا.

هۆکارەکەی تریش نەبوونی خولی تایبەتیە بۆ پەرەپێدانی توانای مامۆستاکانی زانکۆ لەلایەن پسپۆڕانی ناتەقلیدییەوە، کە پێویستە وەزراەتی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی دامەزراندنی سەنتەری پەرەپێدانی توانای وانەوتنەوەی هاوچەرخەوە چارەسەری بکات، بۆ ئەوەش سوود لە ئەزموونی ئەوانە وەربگرێت کە لە دەرەوەی وڵات هاتوونەتەوە.

بێگومان لە کاتێکدا لاوانی خوێندکاری کوردستان سەرلەنوێ روو لە زانکۆکان دەکەنو ڕووبەڕووی هەمان شێوازە تەقلیدییەکانی وانەوتنەوە دەبنەوە، دەبێت ئەوەیان لا روونبێت ئەگەر بۆگۆڕینی ئەو شێوازانە بەتەنیا چاوەڕوانی وەزرارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆکان بن، ئەوا ڕۆژگارێکی دورودرێژیان لەبەردەمدایە. بۆیە واچاکە خۆشیان رۆڵیان هەبێت لە هێنانەدیی ئەو گۆڕانکارییەدا، ئەویش بەفشارهێنانی شارستانیانە بۆ سەر حکومەت لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاونان بۆ خۆرزگارکردنی لەو تێڕوانینەی زانکۆکان بە تاقە سەرچاوەی زانینو زانیاریی بواری پیشەیی دەزانێو پەنابردن بۆ هەموو سەرچاوە ڕەخساوەکانی سەردەم بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنو هوشیارکردنو بەئەزموونکردن.